# ئاوێنە

ئەنوەر قادر رەشید-ئەڵمانیا

قەڵەمەکەی بەدەستەوە گرت و خۆی ئامادە کرد بۆ نووسین ، نەخێر دەمێکی دوور و درێژە هەوڵ دەدا و خۆی ئامادە دەکات، بەڵام مەسەلەکە ئەوەندە ئاسان نییە، خۆ ئەم لەمێژە خولیای نووسین هەڵیدەقرچێنێ و شەوگاری لێ کردووەتە دۆزەخ، شەو کەدەچێتە ناو جێگاوە تا بەرەبەیان گینگل دەدا و، کە رستەیەك یان بیرۆکەیەك خۆی بەدەستەوە دەدا، ئەم لەکاتی خۆیدا نەیدەرشتە سەر کاغەز و ئەوانیش بۆ بەیانی لێی تەرە دەبوون و هەر یەکە بەلایەکدا دەفڕین ( ئەگەر وشە ماسی بێ ئەوە بەدڵنیاییەوە نیشتمان دەریایە) ئێ ماسیش لەم بیابانی نامۆییەدا چۆن دەژی؟!.
تەنیا وشەو رستەکانی جاری جاران ئاسوودەییان بە گیانی دەبەخشی و، لەسەر کاغەزیش بەدەمیەوە پێدەکەنین، کەچی ئێستا ئەوانیش بوونەتە مۆرانەو مۆتەکەو ئۆقرەیان لەبەر بڕیوە. تا لە جێگادایە خۆیان ریز دەکەن و دەبنە ئەستێرەو تەنیا عەودالی رۆشنایی قەڵەمن وەك خۆر بیاندرەوشێنێتەوە. خۆی دەزانێ بەیانی باڵدەگرن، بۆیە هەندێ جار لە جێگاکەی هەڵدەستا و پڕی دەکرد بەقەڵەم ودەفتەردا، بەڵام مەخابن رستەکانیش وەك خۆمان کەم حەوسەڵە و نەفەس کورت بوون بۆیە دەکەوتنە پاڵە پەستۆ و بەشێوەیەك بیریان ئاڵۆز دەکرد، نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکا و هەر هیچ نەبێ کۆنترۆڵی سۆزی

خۆی بکا، تا بتوانێ جڵەوی هۆشیشی بگرێتەوەو رستەکانی بەشێوەیەکی دی و لەقاڵبێکی تردا داڕێژێتەوە. نەخێر ناکرێ و ناتوانرێ. نووسین و سۆز پێکەوە تەگبیریان کردووە و مانیان لێ گرتووە.

–ئای چەند ستەمە مرۆڤ نائومێدبێ. لەوەش ستەمتر ئەوەیە ئامانجێکی گەورە پاڵپشتت نەبێ، تا بتوانی خۆت لەپێناویدا بەخت بکەیت.

ئەو ئێوارەیە زۆر هەستی بە بێهودەیی ژیان دەکرد. عەوداڵی رۆشناییەك بوو. ئامادە بوو وەك پەپوولە تا بۆکرووز لەباڵەکانی هەڵدەستێ خۆی لەدەوری بگێڕێ، تا دەبێتە قوربانی رووناکی. بەڵام ئەو رۆشناییە کوا؟!ئەو ئاگرە پیرۆزەی ئەم ئامادەیە لەناو کڵپەیدا ببێتە قەقنەز بەو مەرجەی تاریك و نووتەکی ژیانی برەوێنێتەوە.

وتەیەکی دڵشادی هاوڕێی هاتەوە یاد و بزەیەکی تاڵی لەسەر لێوی نەخشاند (ژیان مارو پەیژەیە، چەند بە پەیژەدا سەرکەوی، لەکۆتاییدا مارێك فڕێت دەداتەوە سەرەتا)

بەڵام لای ئەم ئەوساش و ئێستاش هەر رای وایە(ژیانێك مانای هەبێ، هەردەم پەیژەیە، مرۆڤ خۆی مارەکە دەخوڵقێنێ، دەنا لەپێناوی ئامانجێکدا مردنیش هەر سەرکەوتنە، تەنیا مرۆی بێ ئامانج لەسەر و کلکی مارەکەدا گەمە دەکا).

بە درێژایی ژیانی خۆی ئەوەندە بێدەسەڵات نەدیبوو... هیچ گومانیشی نەبوو کە بێدەسەڵاتی سەرەتای کاولبوونی ناخەو، کۆتایی هێنان بە ژیان دەکاتە دروشم و ئامانج.

جاروبار بە تووڵە رێگاکانی دەروونندا دەگەڕا و لە پێچ و پەناکانیدا هەڵوێستەیەکی دەکرد. وەك فلیمێکی خراپ مۆنتاژکراو لەقتەکانی تێکەڵ دەبوون و رووداوەکانی بۆ کۆنترۆڵ نەدەکران. ریتمی فلیمی ژیانی شێوێنرابوو، لەهیچ قۆناغێکی ژیانیدا ئەوەندەی ئێستا بێدەسەڵات نەبووە، ئەم دەیگوت ناخ پەیوەندی بە جەستەوە نییە، لەلایەکی تریشەوە هەستی بە پەیوەندیەکە دەکردو، وای بۆ دەچوو کە رادەی ئەو پەیوەندیە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ، بەڵام هەمووی بەدەسەڵاتەوە گرێ دەدا. دەسەڵات نهێنی گەورەی ژیانە، دەسەڵات کلیلی واڵاکردنی هەموو گرێکانی ژیانە، دەسەڵات ئەوە نییە دەستت بەسەر خەڵکیدا بشکێ، نەخێر، هونەر لەوەدایە دەسەڵاتت بەر خودی خۆتدا هەبێ، بتوانی کۆنترۆڵی خۆت بکەی. ئەم ئەو دەسەڵاتەی لەدەست داوە، هەر بۆیە بە نیازی دووبارە رێز لەخۆگرتن لەناخیدا پیاسەی بە یادگارە تاڵ و ترشە پڕ بەهاکانی ژیانی دەکرد. یادگاری ئەو رۆژە دژوارانەی خۆی بۆ خۆی سەلماند کە شایستەی ژیانە، رۆژانی بەردەستی فاشیەکان و ئازار و ئەشکەنجەی جەستە، کەببووە وزەیەکی لەبن نەهاتوو بۆ ناخ، ئەم چونکە دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا دەشکا، جەلادەکانیشی بێدەسەڵات کردبوو، ئەم شانازی بەخۆیەوە دەکردو، بەوپەڕی بەزەییو رێزەوە دەیڕوانییە ئەوانەی ناخیان شەهید دەکران، ئەم دەیزانی توانای مرۆڤ سنووردارەو، ئەوانەی کە لەبەردەستی ئەو دڕندانەدا چۆك دادەدەن و چی دەزانن بەمەبەستی جەستە رزگارکردن هەڵیدەڕێژنە سەر مێزی بۆگەنی لێکۆڵینەوە، ناخیان شەهید دەکەن و، دەکرێ هەرلەوساتەوە بەشەهید ناونووس بکرێن.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لە چرکەیەکدا گەڕایەوە ناو ژوورە تاریك و نوتەکەکەی لێکۆڵینەوە، ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجانە نەیانتوانی ببنە کلیلی ئەو خەزێنە بەبەهایەی دوڕوگەوهەری نهێنیان تیا پارێزرابوون، خەزنەی ناخ، ئەو ناخەی ئەوەندە بە دەسەڵات بوو، سەری لە جەلادەکان شێواندبوو.

دەیانزانی (ئەم) نهێنی زۆر بەبایەخی لایە، بەڵام بێدەسەڵات بوون لەوەی ئەو نهێنیانەی پێ بدرکێنن،سەرێکی بۆ بادا و وەك لەگەڵ یەکێکی دی بدوێ بە دەنگێکی بەرز وتی:

–ئەو هەموو وزە و تینە لە باوەڕو ئامانجێکی مەزنەوە سەرچاوەیان گرتبوو، بۆیە ئێمە لەبەردەستیاندا بەدەسەڵات بووین و ئەوانی قامچی بەدەست و خاوەنی هەموو ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان، بێدەسەڵات...

ساتەوەختێ چاوەکانی لێك نا و خۆی لە تاریکیەکی قووڵدا نوقوم کرد و بەناخی خۆیدا رۆچوو. شۆڕبووەوە بۆ قوژبن و کون وکەلەبەرەکانی زەین و زامەکانی بەسەر کردەوە وخوێی بەسەر ناسۆرەکانیدا دەپرژاندو دەیکولاننەوە. دەیزانی ئەو گرفت گەورەکردنە، زیاتر لەکەناری مەرگی نزیك دەکاتەوەو، دواڕۆژی لێ تاڵ دەکا، هەرچەندە گومانیشی لەوە هەبوو ئایا دواڕۆژی هەیە تا دژوار و نووتەك بێ؟!. خۆی و چوار دیوار و هەندێ کەلوپەلی پێ بەخشراو، غوربەت سەرەتای هەیە، بەڵام بێ کۆتاییە، نامۆییەك کە چارەنووسی جەلاد و قوربانیی پێکەوە گرێداوە. تەنیا ئەو غوربەتە دەیتوانی بەهەق دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکا. بۆیە ئەمیش وەك ئەوانەی خۆی گاڵتەی پێ دەکردن، لەزەتی لەزامەکانی وەردەگرت و وەك بیەوێ خۆی تاوانبار بکا و سزاکەشی بۆ ببڕێتەوە. خۆی وەك مشکێکی برسی دەهاتە پێش چاو کە تەنیا خواردنی بەردەستی پارچە پەنیرێکی ناو تەڵەکە بێت. ئەو کەی بەتەمای چارەنووسێکی وا رەش بوو؟! کەی ئەوەندە بێدەسەڵات بووە؟.

ئەوەندە بێزار و نائومێد بوو، لەپێستی خۆیدا قەتیس مابوو.نەیدەزانی دەترسێ، شەرمەزارە، گێژاوی بێهودەیی خنکاندوویەتی یان هەموو دنیا گەلەکۆمەکیان لە ئامانجەکانی کردووە و چنگیان لە بینەقاقای ئاواتەکانی گیرکردووە و تنۆك تنۆك خۆشەویستی لە دڵی هەڵدەهێنجن. بوبوو بە خاڵێکی رەش لە شەوەزەنگی نەهامەتیدا.

جگەرە لەسەر جگەرە دایدەگیرساند و دووکەڵەکەی لەسینەیدا قەتیس دەدا، وەك بیەوێ بە هەوادانی دووکوڵەکە شتێك لەو زریانەی ناخی حاڵی بێت، نامۆیی زۆر دیبوو. چەرمەسەری و نەبوونی و کوێرەوەری وەك بنێشتەتاڵ بە سەرجەمی ژیانیدا لکابوون و، بەئامان و زەمان لێی نەدەبوونەوە. رووبەڕووی هەموو کارەساتەکانی ژیانی بووبووەوە و هەندێ جاریش کلۆڵیەساتەکانی بە زەردەخەنە رایی کردبوون.بەڵام ئەمجارەیان کۆستە... بێدەسەڵاتییە. کارەساتیش لەوەدابوو نە خۆی دەدا بەدەست غوربەتەوەو نە خۆشی پێ دەرباز دەکرا. نامۆیی ناخی دەرزی ئاژن دەکرد. ئاخر ئەم کەی شایستەی ئەو غوربەتە نەگریسەیە. ئەم هەڵۆیەکی بەرزەفڕبوو، چۆن دەتوانێ لە قەفەزی نەهاتدا ئۆقرە بگرێ؟!!

تا بینەقاقای لە تاریکیدا نوقوم بوو، سەری نابووە سەر ئەژنۆی. لەناکاو تەکانی دایە خۆی و بەو نیازەی خۆی لەو ژوورە نەگریسە دەرباز بکا جلی دەرەوەی لەبەرکرد. بەلای کەنتۆرەکەدا تێپەڕی و لەگەڵ ئاوڕدانەوەیەك خۆی لە ئاوێنەی کەنتۆرەکەدا دی، هەڵوێستەیەکی کرد، وەك یەکەمجاربێ خۆی ببینێ، بەم سەرماو سۆڵەیە بۆکوێ بچێ؟. رووبکاتە کوێ و بۆ کوێ مل بنێ؟. بیری کەوتەوە شووشەیەك ئارەقی هەیە و دەتوانێ ئەمشەوی پێ رایی بکا، ئەمشەو خۆی کەیل دەکا. تا بەیانیش خوا دەمێنێ و مڵکی... خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، بزەیەکی گاڵتەجاڕی کەوتە سەر لێو و لەبەر خۆیەوە کەوتە راز و گلەیی:

– ئەوە قسەو حیکایەتی لای ئێمەن و لێرە پوولێك ناکەن، لەگەڵ ژیان و سیستەمی ئێرە ناگونجێن، سووڵتان مەحموودی ئێرە سەرجەمی سیستەمەکەیە، هەموو دنیاش بەسەریەکدا بترشێ سیستەمەکە هەر

دەمێنێ، گوایە دەبێ چی لەم وڵاتەدا بگۆڕێ؟. هیچ...ئەم کۆمەڵگایە هی ئەوە نییە خۆتی لەگەڵدا بگونجێنی.. تەنیا بۆ ئەوە دەشێ خۆتی لێ دەرباز بکەی... بەڵام ئێمە بە مێخی پێشینانەوە بەستراوینەتەوە، ئەی نەیانوتووە ((سواربوون عەیبێك و دابەزین دوو عەیب؟)) ئەی خۆ منیش دەبێ شتێ بەشتێك بکەم. هەوڵێکی خوێندن، کەڵك وەرگرتن لە کولتوورو تەکنۆلۆژیای ئەم وڵاتە...خۆقاڵکردن...

(یەکەمجاربوو بەدەنگی بەرز بەخۆی پێبکەنێ)

—با دانیشمەوە کاتی خۆ قاڵکردن نییە، کاتی خۆ تاڵکردنە، ئاخر من کەی لە ساتێکی ئاساییدا هاتووم، کەی بە مرۆڤ لەقەڵەم دراوم، تا بتوانم بخوێنم، تازە ناخم وێران بووە و قاوغێکم ماوەتەوە، بووم بە کارتۆنی بەتاڵ، کەس کارتۆنی دیوە بخوێنێ؟. تا تاسەو وزەی خێندنمان هەبوو رێگا نەدراین بگەینە هیچ شوێنێك، ئێستاش ئێمە لە وێزگەیەکدا وەستاوین زۆر لە مێژە شەمەندەفەرەکەی تێپەڕیوە.

ئارەقی ئامادە کرد و قوتوویەك ماستی شیرینی لەسەرمێزە شکاوەکە دانا و دوو خەیاری سوێریشی خستە پاڵیان. دەیویست هەر هیچ نەبێ گۆڕانکاری لە دانیشتنەکەیدا بکات، چوارمشقی دانیشت، سەر زەویەکە زۆر سارد بوو. لەسەر مێزەکە دانیشت و خواردنەکانی لەسەر کورسیەکە دانا، قاچی کورسیەکان کورت بوون و دانیشتن و خواردنەوەکەی ماندوویان دەکرد... لەناکاو وەك ئاوێکی سارد بکەن بەسەریدا، بیرێکی بۆهات. سەری وەرچەرخان بەلای ئاوێنەکەدا، لای خۆی بەداهێنانێکی نوێی دەزانی بۆ سەرکوتکردنی تەنیایی.

—بۆچی لەگەڵ خۆم نەخۆمەوە؟... لەوەتەی ئەو ئاوێنەی کەنتۆرە لەوێدایە سەیری دەکەم و نایبینم...

راستی دەکرد، کردبوویە عادەت چەند خۆی بگۆڕیایە، لەبەر ئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار کەفی ریشتاشینەکەی بەروویەوە وشك بووەتەوە و نەیدیوە، یان قۆپچەی کراسەکەی سەرەوژێر بەستووە و دیقەتی لێ نەداوە. زۆر راستە هەیە سەیر دەکا و نابینێ، هەر وەك چۆن هەن گوێ دەگرن و نابیستن.

مێز و کورسیەکەی رووبەڕووی ئاوێنەکە دانا و ئارەق و مەزەی لەسەر ریز کرد و پەرداخێك و دۆلکەیەك ئاویشی لەسەر دانا.

—من ئەمەوێ ئەمشەو لەگەڵ خۆم بخۆمەوە، کەواتە ئەم پەرداخە بۆ من و پەرداخێکیش بۆ خۆم دەهێنم...نا. نا... پەرداخی چی؟. خۆشم هەر لە پەرداخەکەی مندا دەخواتەوە...

—ئاوێنە جوانەکە، بەخۆڕایی نییە پێشینان وتوویانە((دڵ ئاوێنەی دڵە))...یان بۆ شتێکی زۆر جوان و پاك دەڵێن ((وەك ئاوێنە پاك و بێگەردە))...ئاوێنە ئەو هەلە بەنرخەت بۆ دەڕەخسێنێ لەگەڵ خۆت بخۆیتەوە، ئەمەش چەند تایبەتمەندییەکی زۆر بەهادارو کەم وێنەی هەیە، کە لە هیچ دانیشتنێکی تردا بۆت نارەخسێ...یەکەمیان لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەقەدەر تۆ لەگەڵت دەخواتەوە بێ ئەوەی قومێك لە مەشرووبەکەی تۆ کەم بێتەوە، پاشان تۆ قسە دەکەیت و ئەو گوێت لێ رادەگرێ...نا.نا.گوێ راناگرێ...ئەویش بەهەمان شێوە دەدوێ، لەهەمان کاتیشدا رێ لە قسە کردنی تۆ ناگرێ و قسەش لە قسەتدا ناکات و لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە لەپاشملە زەمت ناکا...هەر وەکو قاڵب پڕبەپڕی ئەم غەریبیەی منە، من کەی تاقەت و حەوسەڵەی دەمەتەقێ و ململانێم ماوە. بەقەناعەتی من ئەگەر ئەم خۆمانە

بیانتوانیایە لەدەرەوەی ئاوێنەکە بژین و لەتەکماندا بوونایە...ژیان مانایەکی تری دەبوو...دەبوونە جێی متمانەی هەمووان، چونکە راستیەکان وەك خۆی دەخەنە روو، بەقەبارەی خۆی شتەکان پیشان دەدەنەوە..... ئاوێنە گیانەکە من بەسەرتدا هەڵنادەم لەخۆت بایی بیت، ئەوەتا تۆ خۆمم وەك من پیشان دەدەیت، ماستاوم بۆ ناکەیت، چەند لێت دوور بکەومەوە تۆش ئەوەندە خۆت دوور دەگریت و رێزی خۆتت لایە، لەکەیەك بە شوێنێکمەوە بێت دەم و دەست ئاشکرای دەکەیت و، هەرگیز نامەردانە لەپشتەوە خەنجەرم لێ نادەیت، تۆ ئەو شتە راستگۆیەیت ئەگەر لەژیاندا بوویتایە، یان دەبوویت بە نموونەی رەوشت یان دەکوژرایت.

بەدەم قسە کردنەوە کەوتە خواردنەوەو، لەگەڵ وێنەکەی خۆیشی کەوتە راز و گلەیی و هێدی هێدی سەریشی گەرم دەبوو...

—رۆژانی پێشمەرگایەتی و خەباتی چەکداریت بیرە؟! ئاخر بڵێ چۆن بیرم نییە...ئێمە لە خۆشی و ناخۆشیدا بە بست لەیەکتر جیا نەبووینەتەوە، پێکەوە هاتووینە دنیا و پێکیشەوەماڵئاوایی لێ دەکەین...گیانمان لەسەر لەپی دەستمان بوو...جار هەبوو بە یەك رۆژ و دوو رۆژ خواردنمان دەست نەدەکەوت...ئەو شاخ و کێوانەی لە وێنەدا ئەوەندە جوانن، هەناسەیان لێ بڕیبووین و هێزیان لە ئەژنۆماندا نەهێشتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشت و پەنامان بوون، دەیانپاراستین... ئەو رۆژانە مردنمان بەکۆڵەوە بوو، هەموو سات وچرکەیەك مەرگ سەرەتاتکێی لێ دەکردین...لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەستەو ئەژنۆ لە چاوەڕوانیدا دانەدەنیشتین، چڵکن، برسی، بێ پارەوپوول، کەچی ئەو هەموو رۆشناییەش لەدڵماندا بوو... شانازیمان بەخۆمانەوە دەکرد... لەگەڵ ژیاندا یاری مشك و پشیلەمان دەکرد، لە بنەما و نهێنیەکانی گەمەی ژیان تێگەیشتبووین...ئێمە سێزیفێك بووین کە تاشەبەردەکەمان سەر دەخست و چاوەڕوانیمان نەدەکرد بەسەرماندا گلۆربێتەوە، بەڵکو هەر خۆمان دەمانتلانەوە بەرەو خوار و جارێکی دی سەرمان دەخستەوە. ناڵێم لە گەمەکە تێگەیشتبووین؟...خۆ دەمانزانی ئەنجامەکەی یەکە، بەڵام نەماندەویست ئەو هەلە بدەینە دەست قەدەر خۆیمان بەسەردا بادا، ئای لەو رۆژە سەختانەی تەمەن چەند ئاسوودە و بەختیار بووین...هەر ئەوەندە بوو تا ماندویی لەشمان دەردەچوو...ئیدی دەکەوتینەوە بەهەشتە بەرینەکەی کە خۆمان فریشتەکانی بووین...دەزانی زۆرجار بیر لەو کاتانە دەکەمەوەو لەگەڵ ئێستا بەراوردی دەکەم؟. ئەوسا ئامانجێکمان هەبوو، تەنانەت ئەو کاتانەی رەخنەی توندیشمان لە هێڵی گشتی شۆڕش دەگرت و باوەڕمان بەو شێوەی خەباتە لەق بوبوو، هەر گوڕوتینێکی ئەفسوناوی ناخمانی رۆشن دەکردەوەو شانازیمان بەڕای خۆمانەوە دەکردو، بەوپەڕی تواناوە بەرگریمان لێ دەکردو، تا دەهات رۆشنایی ئاواتەکانمان بەهێزتر دەبوو. من هیچ گومانم نیە کە مرۆ بۆیە دەژی تا ئامانجەکانی بهێنێتە دی، لەپێناوی ئەو ئامانجانەدا تا رادەی خۆبەخت کردن خەبات دەکا...ئەی کاتێ ئامانجەکان نامێنن؟...کاتێ ئومێدو ئاواتەکان زیندەبەچاڵ دەکرێن؟...دەبێ مرۆڤی بێ ئامانج و بێ هیوا چۆن بژی و بۆچی بژی؟... دەبێ لەو حاڵەتانەدا خودی ژیان مانای بمێنێ؟...ژیان سەیرە...دەزانی زۆر کەس کەدەیبەن بۆ گۆڕستان و جەستەی دەشارنەوە، وا دەزانن تازە مردووە، بەڵام لەڕاستیدا بە مردویی هاتووەتە دنیاو بەمردوییش ژیاوە...نا..نا.. پێمەکەنە بەراستیمە...خەڵك هەن بەمردویی دەژین...بەڵام تا هەناسەیان نەوەستێ و دڵە میکانیکیەکەیان لەکار نەکەوێ نایشارنەوە...وا ئەزانی سەرخۆش بووم؟!...من مەبەستم ئەو کەسانەیە کە دنیا بەجێدەهێڵن و لە یاریەکە تێ نەگەیشتوون...خۆ من ناڵێم تەنیا ئەو کەسە شایستەی ژیانە کە جێ

پەنجە لەسەر مێژوو بەجێ دەهێڵێ...تۆ بڵێی ئەوەندە گەلحۆبم، نەزانم مێژوو لە کۆشکی دەسەڵاتداردا بۆ چەواشەکردنی بێدەسەڵاتان دەنوسرێتەوە؟!...دیسان دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی ئامانج... خۆ مەرج نیە بتوانیت ئاواتەکانت بخەیتە قاڵبی تیۆری و وەك شیعر لەبەری بکەی...ئەی گوایە ئەو دایکە شایستەی ژیان نیە کە قوربانی و دابەشکردنی خۆشەویستی کردوەتە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئاوات، کە پەروەردە کردنی منداڵەکانێتی، من مەبەستم ئەوە نیە دایك ژیانی خۆی لە چێشتخانەوە بگوێزێتەوە بۆ گۆڕستان، مەبەستم ئەوەیە هەر کوژراو و بکوژ شایستەی ژیان نین...ژیان تەنیا لەو دووخانەیەدا کۆنابنەوە...

واز بێنە خۆمە گیان با نەچینە ناو زریانی فەلسەفەوە، چونکە نەك تەنیا فەیلەسووفەکان، بەڵکو هونەرمەند و ئەدیب و سۆفی و عابیدەکانیش، وەك خەڵکانی تر خۆیان دەدەن بەدەم شەپۆلەکانەوەو، هەر یەکەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان پاڵ بە ژیانەوە دەنێن...مرۆڤ زۆر سەیرە...وەك بەرەنگاری ژیانی پێ ناکرێتەوە، بەوەشەوە ناوەستێ و یارمەتی رۆژگار دەدا بۆ گەیشتنی بە مەرگ. رەنگە ئەوەش بێ کە بەگریان دێینە دنیا و بەزەردەخەنە بەجێی دەهێڵین...دەزانی خۆمی خۆشەویست...مرۆڤ کە لەدایك دەبێ مەتریالێکی خامە و وەك لاپەڕەیەکی سپی، ژیان سەردێڕی بۆ دەنووسێ و، رەنگە هەر لە سەرەتاوە نەخشەی مەرگیشی بۆ داڕێژێ، خۆیشی و خۆشەویستەکانیشی پەلەیانە لە گەیاندنی بە مەرگ...پەلەیانە زوو دانی دەربێ، پەلەیانە زوو پێ بگرێ...ئینجا خۆیشی دەچێتە پاڵ ئەوان و پەلەی چوونە قوتابخانە و دەرچوون و کارکردن و ماڵ پێکەوەنان و لەنێوان ئەو هەموو پەلەپروزایانەشدا وردە پەلەی هاتنی بەهار و جەژن و شایی و ... کورە ئیتر چووزانم ... ژیان دەبێ بە (گەشتێکی بروسك ئاسا بەرەو مردن). خۆمەکەم، فەلسەفەی ژیان لەوەدایە، فێرت دەکا و فێرت دەکا، تا نزیك دەبیتەوە لەوەی لێی تێ بگەی، ئینجا لەپەل وپۆت دەخا و دەتکوژێ... تا وات لێ دێ لەژیاندا قاڵ بی و لەمانای راستەقینەی ژیان تێ بگەی، دەبینی ژیانت بەسەر چووە و لەمەرگەوە نزیکتری وەك لە ژیان.

بەخوا وابزانم بەم فەلسەفە بەتاڵ و بێ مانایە سەرتم خستە ژان...ئەوەتا تۆش خەریکە سەرخۆش دەبی... بەڵام ئەمە واقیعی راستەقینەی ژیانە... رۆژگار هیچی راست و دروستی تیادا نەماوە، هەرچی پێی بوترێ دادوەری لەم ژیانەدا نییە... لە بێ دادیدا خەڵکی دادو بێدادیانە... خۆزگە ژیان و رۆژگاریش وەك ئەم ئاوێنەیە روون و ئاشکرا بوونایە، ئینجا دەتزانی رۆژگارەکەمان چەند تاڵ و ترشە، چەند تاریك و بێ مانایە و شایستەی ئەوە نییە خەمی بۆ بخۆین و، دڵ تەنگ بین بۆ ئەو خۆشەویستانەی ماڵئاواییمان لێ دەکەن... یان تەنانەت مرۆڤیش دەریا ئاسا دەروونی قووڵ نەبوایە و نەیتوانییایە پیسی و خیانەتکاری و درۆ و دەلەسەی تیا حەشارداو، بتوانرایە وەك ئاوێنەی بێگەرد هەموو پێچ و پەناکانی ناخ ببینرێ، ئەو کاتە دەمامکەکان دادەماڵران و، دەمانتوانی بە شێوەیەکی دی ژیانمان بنیاد نێینەوەو، بە شێوەیەکی تر مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکەین... ئای خۆمەگیان... ناخم ئەوەندە پڕە بۆم دەرنابڕێ... ئەو زریانەی لە قوڵاییەوە راپێچی تەنیایی و تاریکیم دەکا زۆر لەوە بەهێزترە کە منێکی پەپوولە پایزەی دەم (با) بتوانم بەرەنگاری ببمەوە... ئێستا زانیت بۆچی خەڵکی ئاوێنەیان خۆش دەوێ؟!... ئەوی بەلایدا تێپەڕێ هەڵوێستەیەك دەکا... یان هەر هیچ نەبێ ئاوڕێکی لێ دەداتەوە، هەرکەسەو دەیەوێ خۆی بە روونی ببینێ، دەڵێی ئاوێنە لەدەرەوەی ئەم گەردوونەوە هاتووە، راست و دروستە، روون و بێ غەل و غەشە...تۆ هەروا دیقەت بدە ئەم غوربەتە چۆن دڵڕەقت دەکا، بەزەیی و خۆشەویستی لە دڵتا دەکاتە بوونێکی فیزیکی بێ سۆز و هەست، تۆ سەیری سیروانی برادەرمان بکە، ئەو برا نازدارەی بەو کارەساتە دڵتەزێنە تیا چوو...دەزانی چۆن خەمەکەی

ئاوەژوو بوەتەوە...خەمی گەورەی ئەوەیە کە ناتوانیٚ بە پێی پێویست خەفەت بخوا، ئێمە خۆمان لەسەر لانکەوە دەبینە هاودەمی خەم، بۆیە خەمی خەفەت نەخواردنیش دەخۆین... لێرە لەناو چاڵێکی قووڵی نووتەکی خەمدا گیرمان خواردووە... خۆ ئێمە لە شاخیش بە دەستی خۆمان هاوڕێکانی خۆمانمان دەناشت... لەجیاتی گریان سروودمان بۆ دەوتنەوە... رەنگە ئەو قۆناغەشمان لای هەندیٚ کەس بخرێتە قاڵبی دڵڕەقیەوە... بەڵام دلڕەقیەکی پڕ سۆز، هەست بزوێن... لەویٚ دەمانزانی دەبیٚ چۆن لەدڵدا پرسەیان بۆ دانێین و، لەجیاتی لاواندنەوە، بکوژانیانمان هەراسان دەکرد... ئای خۆمە گیان دیسانەوە گەڕاینەوە بابەتی دەسەلات... لەویٚ ئامانجێکمان هەبوو، هەر هیچ نەبیٚ بەقەبارەی خۆمان دەسەلاتمان هەبوو، لەگەڵ هەموو مەترسیەکانیشدا دەمانتوانی بڵێین نە ، لەویٚ دوای کڵپەی ئاگر کەوتبووین و مەرگمان راودەنا، بەلاّم لێرە هەر لە چاوەڕوانی، چاوەڕوانی مەرگەساتێکین لەم مەرگە بەردەوامە دەربازمان بکات.

ئەم دەیویست پاساوی خۆ ئازاردان بداتەوە، دەیویست هەر لەو قۆناغەدا بژی کە لای خۆی بەهای تایبەتیان هەبووە. نامۆیی ناخی کوڵیبوو، ناسۆری غەریبی هەراسانی کردبوو، کۆنترۆڵی هەست و سۆزی بۆ نەدەکرا، گومان بوبوو بەبەشێك لەژیانی، لەسەر رایەك نەدەما و هەمیشە دڵەڕاوکیٚ و نەسرەوتن بوبوونە هاوسەر و هەواڵی هەمیشەیی، رابوردوو گیرۆدەی کردبوو، وەك چاوەڕوانی پاداشت بیٚ لە ژیانی رابوردووی، یان هەست بکا ژیانی سەخت و خەباتی نیوەی تەمەنی بەفیڕۆ چووبیٚ و، بووبێتە یادگارێکی کەم بایەخ، یان شانازیەکی کەم خایەن لە خەڵوەتێکی تەنیاییدا.

لەگەڵ خواردنەوەو مەست بووندا بەرچاوی کەمێك لێڵ بوبوون، بەلاّم هەستی دەکرد کە وردە وردە سۆزی دەتەقێتەوە و هزری دەسەلات دەگرێتە دەست. لەناکاو وەك بێتەوە هۆش خۆی هەڵوێستەیەکی کردو، بەقینەوە سەیرێکی ئاوێنەکەی کردو، چاوی بڕیە چاوەکانی خۆی...

ئاخر خۆمی هیچ و پووچ، بۆ ئەوەندە دەبەنگ و گەلحۆی؟!. بۆ دەتەویٚ خۆت لەراستیەکان لابدەی؟. خۆ خەباتی چەکداری خۆی لەخۆیدا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، چۆن دەبیٚ چەکداری ببێتە ئامانج... تۆ درۆ لەگەڵ من دەکەی، یان لەگەڵ خۆت؟!... ئەی نازانی ئەو ئامرازەی لە شاخ هێمای سەربەستی و ئازادی بوو لەشاردا دەبێتە ئامێری تۆقاندن و، ئازادی زەوت کردن؟!... ئەگەر لە شاخ خەبات بووبیٚ، لەشار دەبێتە (خەباتە)، ئەگەر لەشاخ تێکۆشان بووبیٚ، ئەوە لەشار دەبێتە تێگوشین. ئەی گوایە تۆ خۆم نیت؟! خۆم؟!!!... نە خۆمی چی؟ کیٚ دەڵیٚ تۆ خۆمی؟ ئەگەر خۆم بویتایە دەتوێرا چاو لەچاوم ببڕی... ئای ئاوێنە ساختەچیەکە... تۆ لەخشتەبەری تەواوی... چەند وەختە بەوە هەڵمدەخەڵەتێنی گوایە ئەوەی لە تۆدا دەیبینم خۆمم؟؟؟ راستت کردوە بەچەپ و چەپت کردوە بەراست... بەتەواوی پێچەوانەی خۆمم پیشان دەدەیت و دەتەویٚ بڵێی ئەوە منم!!... تۆ ریایی کەر و دوڕوو درۆزنی، ئەگەر سیاسەتمەدار بوویتایە، ئێستا پایەیەکی بڵندت دەبوو... خۆتم لیٚ مەکە بەسەرخۆش هەی بیٚ شەرمی درۆزن، تۆ راستی ئاوەژوو دەکەیت و دەشێوێنی.

لەگەڵ تەواوکردنی قسەکانیدا، تا هێزی تیابوو لەپی دەستی دا بەئاوێنەکەدا، ئاوێنە هاڕەی کردە خوارەوە، تەنیا ئەوەندەی بە کەنتۆرەکەوە مابوو کە رووی خۆی تیا ببینیٚ، ئەویش درز تەنیبووی، بۆیە ئەم بەسەرسامیەوە لیی چووە پێشەوە، بەلاّم پەڵە خوێنەکەی نەدی، چونکە تەنیا دیقەتی شێوەی شێواوی خۆی دەدا.